DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.360

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دیدگای دەرهێنەرانی شانۆ دەربارەی بەکارهێنانی زمانی جەستە و دەنگی ئەکتەر لە شانۆی مۆدێرنی کوردیی دا

**م.ی.گۆران محمد فەقێ قادر**

بەشی باخچەی منداڵان- کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور- زانکۆی هەڵەبجە

goran.qadir@uoh.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لە بایەخی توانا فیزیکیەکانی ئەکتەری شانۆ (دەنگ و زمانی جەستە) لە دیدگای دەرهێنەرانی کوردی هەرێمی کوردستان ئەکۆڵێتەوە، ئامانجیەتی تێگەیشتنێکی زانستیانەی زیاتر بۆ پسپۆڕانی بوارەکە سەربار بکات لە پەیوەند بە کارکردنی دەنگ و زمانی جەستەی ئەکتەر لەناو دیدگای دەرهێنەرو دیمەنی شانۆییدا، بۆیە ئەم پرسەی بەگرفتی خۆی داناوەو لە دوو پرسیاردا داڕشتووە کە وەڵامدانەوەیان ئەبێتە دەرخەری تواناو شارەزاییە فیزیکییەکانی ئەکتەری شانۆیی خۆماڵی پێ بەپێی پێداویستیەکانی سەردەم، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی دیدی دەرهێنەر لەسەریان و کاریگەریی ئەوانیش لەسەر دیدی دەرهێنەر. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە، بەشی دووەمیش بە چوارچێوەی تیۆری و بەشی سێیەم و کۆتاییش ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە لەخۆ ئەگرێت. توێژەر بۆ شیکاری نموونەی توێژینەوەکەی پشتی بە ڕێبازی توێژینەوەی (وەسفیی شیکاری) بەستووە، پەناشی بردۆتە بەر ڕاپرسیی ڕاستەوخۆی دەرهێنەرانی پێکهێنەری نموونەی توێژینەوەکە، پاشان ئەنجامەکانی توێژینەوەکە شیکارکراون ودەرئەنجامەکانی توێژینەوەیان لێ هەڵهێنجراوە کە بەپێی توانایان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گرفتی توێژینەوەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا ڕیزبەندی کراون. لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەشدا توێژەر گرنگترین ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی خۆی خستۆتەروو پاشان لە کۆتایی بەشەکەدا سەرچاوە زانستییەکانی توێژینەوەکەی لە لیستێکدا ئاشکرا کردووە.

**کلیلە وشەکان: دەرهێنانی شانۆیی، زمانی جەستە، دەنگی ئەکتەر.**

Recieved: 7/9/2023
Accepted: 2/12/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی/

شانۆی هاوچەرخی جیهانی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە دوواوە، بەتایبەت لە روسیای سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا، بە گرنگییدانێکی تایبەتەوە ئاوڕی لە رۆڵی کاریگەریی زمانی جەستە و دەنگی ئەکتەر دایەوە، ستانیسلاڤسکی و دوای ئەویش مایەرهۆڵد، هەریەکەیان تەنانەت تا رادەی دروستکردنی سیستمی یەکانگیریش بۆ ئەو مەبەستە رۆیشتن، بە تایبەت لە راهێنانەکانی رۆژانەی ئەکتەردا، ئیتر شانۆ پێی نایە قۆناغێکی پێشکەوتوی میتۆدگەرایی لە راهێنانی دەنگ و جەستەی ئەکتەردا کە چیتر نە ئەکرا بگەڕێنرێتەوە بۆ پێش تێزەکانی ئەوان و هاوچەرخە ئەزمونگەرەکانیان، بەتایبەت لە شانۆی ئەوروپاییدا.

چالاکیی شانۆیی لە هەرێمی کوردستانیش کەم تا زۆر لە رێی بەرکاربونیەوە بە شانۆی عێراقی پێش راپەڕین، هەر لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لێرەو لەوێ هەوڵی جۆراوجۆری لەم بوارەدا بەخۆوە بینیوە، دوای راپەڕین کە سیستمی سیاسیی بە گشتیی زۆر گۆڕان ، ئیتر لە شانۆشدا جەستە و دەنگی ئەکتەر ئازادانەتر کەوتنە گوزارشتکردن لە خۆیان، لەگەڵ کاریگەرییان لە دروستکردنی رۆڵی شانۆییدا.

ئەزمونە جۆراوجۆرەکانی شانۆی دوای راپەڕین دیدگای جیاواز و زۆرجار دژبەیەکیشیان لە پرسی ئەم توێژینەوەیەدا بەخۆوە بینیوە، بەڵام سیمای هەرە گشتینە و سەرەکیی شانۆی ئەم قۆناغە پەرشوبڵاوییەکی میتۆدییە، کە کەمتر دەرفەتی بۆ بەسیستمکردنی پەروەردەی جەستە و دەنگی ئەکتەر هێشتۆتەوە، ئەم رەوشە تەنانەت لەدەزگا ئەکادیمییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم کە بەشی چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکەیە، بێجگە لە گرفتی توێژینەوە هەریەک لە گرنگی و ئامانج، سنوور و زاراوەکانی توێژینەوەکەی لەخۆ گرتووە و رونکراونەتەوە، بەشی دووەمیش کە بەشی چوارچێوەی تیۆرییە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا دەربارەی؛ رۆڵی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەری شانۆیی لەسۆنگەی مێژوویی هونەرییەوە و کاریگەرییان لە نمایشی شانۆی مۆدێرن دا، پاشان ئاماژەکانی چێوەی تیۆری لەچەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە، دواتر وەک یەکێک لە ئامرازەکانی توێژینەوە سوودیان لێ بینراوە. بەشی سێیەمیش کە تایبەتە بە رێوشوێنەکانی توێژینەوەکە، هەریەک لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، نموونەکەی، رێبازەکەی، ئامرازی توێژینەوەکەی تێدا روون کراونەتەوە، پاشان نموونەی توێژینەوەکە شیکارکراوە.

## بەشی یەکەم/چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### گرفتی توێژینەوە

هەبوونی دەرهێنەری خاوەن میتۆدی زانستیی، کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر چۆنێتی دروستکردنی نمایشی شانۆیی هونەریی ناوازە هەیە، هاوکات ئەکتەریش رۆڵی گرنگ ئەبینێت لە چۆنێتی بەرهەمهێنانی مانا لەلای بینەر. بۆیە لەپاڵ بوونی شانۆنامە، پانتایی، بینەر. توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر، کە بریتیین لە دەنگ وجەستەی. دەبنە بنچینەی بنیادنانی بینراوە شانۆییەکان، بەدرێژیی کاتی نمایشی شانۆیی. بۆیە لەناو بزافی شانۆی نوێ، دەرهێنەرە جیهانییە پیشەمەندەکانی وەکو، کۆنستانتین ستانیسلاڤیسکی، ڤیسڤۆلد ماێرهۆڵد، جێرزی گرۆتۆڤسکی، پیتەربرووک، زۆربەی میتۆدی ئیتۆدەکانیان لە بواری راهێنانی ئەکتەر، بەجۆرێک بووە کە ئەکتەر هانبدەن وابەستە بن بە چۆنێتی بەگرنگی تەماشاکردنی کەرەستەکانی دەربڕین لەسەر تەختەی شانۆ، کە مەبەست لێیان بەکارهێنانی دەنگ، خەیاڵ، جەستەی ئەکتەرە لەکاتی رۆڵ بینین دا. ئەمەش زۆجار وای کردوە ئەکتەر وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی شانۆیی، پاشان وەک کەرەستەیەک بۆ دروستبوونی نمایشی شانۆیی، دەرهێنەرە شانۆییەکان بە بایەخێکی زۆرەوە تەماشای تواناکانی ئەکتەربکەن.

لەبەرئەم هۆکارانە توێژەر بەگرنگی زانی لەم توێژینەوەیەدا تیشک بخاتە سەر بابەتێکی شانۆیی پەیوەست بە توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر، کە بەشێکن لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، لەژێر ناونیشانی(دیدگای دەرهێنەرانی شانۆ دەربارەی بەکارهێنانی زمانی جەستە و دەنگی ئەکتەر لە شانۆی مۆدێرنی کوردیی دا)، گرفتی توێژینەوەکەشی لەم دوو پرسیارەدا داڕشتووە:

١ – ئایا دەرهێنەری شانۆیی کوردیی هاوچەرخ لەدیدگای زانستییەوە مامەڵە لەگەڵ دەنگ و زمانی جەستەی ئەکتەردا ئەکات؟

٢ – ئایا توانا فیزیکیەکانی ئەکتەری شانۆیی لە هەرێمی کوردستان توانیویانە کار لە دیدی دەرهێنەر و داڕشتنی دیمەنی شانۆیی بکەن؟

## گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، بۆ تیشک خستنە بایەخی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەرە لە دیدگای دەرهێنەرە شانۆییەکان، لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی دا، گرنگی ئەم تویژینەوەیە بۆ ئەکتەر، دەرهێنەر، کەسایەتییە ئەکادیمیستیەکانە، تەنانەت بۆ ئەو ئارەزوومەندە ئەماتۆرانەیە کە توانایی ئەکتەر، هەروەها کاری دەرهێنانی شانۆیی لەلایان جێگەی بایەخە.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

یەکەم/ دەرخستنی دیدگای دەرهێنەری شانۆییە لە هەرێمی کوردستان بۆ توانا فیزیکییەکانی ئەکتەرو بەگەڕخستنیان لە نمایشی شانۆییدا.

دووەم/ دەرخستنی کاریگەریی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر لە ئاڕاستەکردنی دیدی دەرهێنەر بۆ داڕشتنی دیمەنی شانۆیی.

سێهەم/ دەرخستنی رۆشنبیریی تەکنیکیانەی دەرهێنەری شانۆیی لە بەکارهێنانی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەردا.

## سنووری توێژینەوە

١- سنووری شوێن: هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- سنووری بابەتی: دیدگای دەرهێنەرانی شانۆ دەربارەی بەکارهێنانی دەنگ و زمانی جەستەی ئەکتەر لە شانۆی مۆدێرنی کوردیی دا

٣- ساڵ: ٢٠٢٢

## زاراوەکانی توێژینەوە:

١- زمانی جەستە

(زانستێکی سەردەمییانەیە کە لە(پەیوەندییە-کۆمیونیکەیشنە)دەنگیی، لەگەڵ پەیوەندییە نادەنگییەکانی مرۆڤ بە گشتیی، ئەکتەری شانۆ بە تایبەتی ئەکۆڵێتەوە. زانستێکە تایبەت بە تێگەیشتنی لایەنی دەروونی ئەکتەرە لەسەر تەختەی شانۆ، لە رێگەی بەکارهێنانی جەستە، جوڵە، ئاماژە جەستییەکانی ئەکتەر لەکاتی رۆڵگێڕان. چونکە جەستەی ئەکتەر کەرەستەیەکی گرنگە بۆ ناساندنی رەهەندی سروشتیی، کۆمەڵایەتیی، سایکۆلۆجیی کاراکتەر لەسەر تەختی شا نۆ)١.

٢ - دەنگی ئەکتەر

(وزەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا لە کاتی وتنی دیالۆگ لەلایەن ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ، لە کاتی نواندن لەبەردەم بینەردا. هاوکات دەنگی ئەکتەر ئامرازێکە بۆ پیشاندانی بیرکردنەوەکانی ئەکتەر لەو کاراکتەرەی لەسەر تەختی شانۆ، یاخود لەبەردەم چاوی کامێرا ڕۆڵی تیا ئەبینێت. دەنگ لەپاڵ پیشاندانی لایەنی دەروونی ئەکتەر، هاوکات ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینێت لە گەیاندنی مانای دێڕ، بندێڕی دیالۆگی ناو شانۆنامە بە بینەران. هەروەها ئەم وزە بەهێزە زۆرجار ریتمی دیمەنی شانۆییەکان پیشان ئەدات)٢.

بەشی دووەم/چوارچێوەی تێۆریی توێژینەوە

١) ڕۆڵی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەری شانۆیی لە سۆنگەی مێژوویی هونەرییەوە:

بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، بەریەککەوتن هەروەها پەیوندییەکی دانەبڕاو هەیە لەنێوان مرۆڤ لەگەڵ هونەر، بە تایبەت ئەوکاتەی کە مرۆڤ ترسی لەمانەوەی خۆی، خێڵ، کۆمەڵگە، مێژووی خۆی هەبوو، واتە ترس، لە لەناوچوون هۆکاری سەرەکیی داهێنانی هونەرە، لەبەرئەوەی چالاکییە سەرەتایی هونەرییەکان لەبوارەکانی، کێشانی تابلۆ لەسەر دیواری ئەشکەوت، بەرزایی شاخەکان گەواهیدەریی ئەم ڕاستییەن.

(هاوکات سەرهەڵدانی کەشی دراما بەشێوەیەکی سەرەتایی، وا ئەکات مرۆڤ بتوانێت ڕابردوو بە ئێستا، هاوکات ئێستا بە داهاتوو گرێ بداتەوە. لێرەوە هونەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پارێزگاریکردن لە مانەوەی مێژووی مرۆڤ ئەبینێت، هاوکات هێشتنەوەی ژیانی ئاکاریی، کۆمەڵایەتی، ژیاریی مرۆڤ بۆ هەمیشە. بەتایبەت شانۆ وەکو چالاکییەکی ژیاریی،کۆمەڵایەتی، وەکو بونێکی نەریتیی لەلای گەلە شارستانیەتەکانی وەک، گریکییەکان، ڕۆمانییەکان ئەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ گوزارشتکردنی مرۆڤ لە کەش، ژیانی کۆمەڵایەتیی، ژیانی ژیاریی، سیاسیی، ئاینیی)٣.

بۆیە ئەکتەرانی شانۆی کلاسیکی دێرین.(لە ڕێگەی بەکارهێنانی ماسک، جووڵەی دەنگیی، جوڵەی جەستەیی، دایەلۆگی تراژیدیی، لەگەڵ توانا فیزیکیەکانی ئەکتەر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، چونکە توانای ئەکتەر بەکار نە ئەهاتن بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بۆ بینەر، بەڵکو ئامرازیش بوون بۆ، پیشاندانی لایەنی سایکۆلۆجیی کەسایەتی ناو شانۆنامەکان، لەگەڵ ئەتمۆسفێری دیمەنە شانۆییەکان)٤. لەبەرئەوە سەدەی بیست، بە سەردەمی ئەکتەری شانۆیی ناوزەد ئەکرێت، چونکە ڕاهێنەرە شانۆییەکانی ئەکتەر، هەنگاوی گەورە ئەنێن دەربارەی کارکردن لەسەرتوانا فیزیکییەکانی ئەکتەر لە شانۆ. چەندین ئەکتەری وەک ستانسیلاڤیسکی، مایەرهۆڵد، مایکڵ چیکۆڤ لە ڕوسیا، گرۆتۆڤسکی لە پۆلەند، پیتەربرووک لە بەریتانیا، چەندانیتر لە هەوڵی شیکاریکردنی کەرەستەکانی ئەکتەردا ئەبن، ئەمەش لەپێناو بەرەو پێشخستنی توانای جوڵەی جەستەیی ئەکتەر بوو، بۆیە چەمکی جەستە لەگەڵ چەمکی توانا جسمانییەکانی ئەکتەر، بەجیا لەنێو ستۆدیۆ شانۆییەکان بوونە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە وڵاتانی ڕوسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا چونکە( توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر بوونە کەرەستەی کارکردن بۆ دەرهێنەرانی شانۆ. بۆیە توانا مرۆییەکانی ئەکتەر دابەش ئەبن بەسەر دوو بەشی سەرەکییدا، کە ئەوانیش بریتیین لە دەنگ، لەگەڵ جەستە. لەمیانی ئەم ڕەگەزانەوە ئەکتەر لە هەوڵدا ئەبێت هەتا بتوانێت بە باشترین شێواز چیرۆکی نمایشە شانۆییەکان لەسەر تەختەی شانۆ بگوازێتەوە بۆ بینەر)٥.

ڕەگەزی دووەمی توانای فیزیکیی ئەکتەر لە هونەری شانۆ بریتییە لە جەستە، کە توانای دروستکردنی کۆمیونیکەیشنی لەگەڵ بینەر خێراترە بە، بەراورد بەدەنگ. ئەمە جگە لەوەی شوێنگەی سەرەکیی هەستەکانی ئەکتەرەیشە( ئەمەش وا ئەکات کە، بینەر تەنها لە ڕێگەی جوڵە جەستەییەکانی ئەکتەر، بتوانێت لە مانای دیالۆگ و هەڵچونە دەروونیەکانی تێ بگات)٦.

بۆیە دەرهێنەرە شانۆییە پیشەمەندەکان بە گرنگییەوە لە جەستەی ئەکتەر ئەڕوانن، لەبەرئەوەی جەستە کەرەستەی

دروووستکردنی چەندین جۆر هێڵ، بارستایی، تابلۆی هونەریی جوڵاو، جێگرە لەدیمەنە شانۆییە جیهانییەکاندا، بەجۆرێک کە لە فۆرمی شانۆیەکی وەک شانۆی پانتۆمایم، سەرتاپای دیمەنی نمایشەکان لەسەر بنەمای پشت بەستن بە، بەکارهێنان جوڵەی ئەکتەر دامەزراوە.

بۆیە دیدی بەشێک لە دەرهێنەرەکانی بواری شانۆ لە بەرامبەر چۆنێتیی بەکارهێنانی توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر، دابەش بوون بەسەر دوو تێڕوانینی هونەریی جیاواز. هەندێکیان لەوباوەڕەدان دەنگی ئەکتەر، وزەیەکی کاریگەرە بۆ پیشاندانی مانای دیالۆگ، درووستکردنی جەختی دەنگیی، پیشاندانی ریتمی دیمەنەکان. لەبەرامبەر ئەم تێڕوانینەشدا هەندێکیتر لەو باوەڕەدان جەستە وەکو بونێکی فیزیکیی لەسەر تەختەی شانۆ، توانایەکی لەبن نەهاتوی لە چۆنێتی دروووستکردنی تابلۆی هونەریی، بارستایی درامیی، ساتی ئێستاتیکیی، پیشاندانی میزاجی گشتی دیمەندا هەیە.

هاوکات توانا فیزیکیەکانی ئەکتەر، بۆ خودی ئەکتەر کەرەستەی نواندنە، چونکە( جەستە ئەبێتە ئامێرێك بۆئەوەی گوێ لە دەنگ بگرێت هەتا کاردانەوە دەروونییەکانی ئەکتەر پیشانی بینەر بدات. لەبەرئەوەی مێشک بە ئەندازەی وزەی دەنگیی، وزەی جوڵەش بۆ جەستە ئەنێرێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی لە بەرامبەر وزەی دەنگی ئەکتەر هەبێت. کەواتە ئەوەی کە وا ئەکات جەستەی ئەکتەر چالاک بکات، بریتییە لە وزەی دەنگیی خودی ئەکتەر)٧.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا(گریمانە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستوە کە، دەنگی ئەکتەر گرێدراوە بە جوڵە جەستەییەکانەوە، واتە بوونی هەر گرفتێک لە بەکارهێنانی دەنگ لەلای ئەکتەر، کاریگەریی نەرێنی ئەکاتە سەر دۆخی جەستەی ئەکتەر لەکاتی نواندن لەسەر تەختی شانۆ، چونکە جەستە ئاوێنەی راستەقینەی دەنگە، دەنگیش نوێنەرێکی راستگۆی هەستەکانی ئەکتەرە لەکاتی نواندن دا)٨. بۆیە کاردانەوە جەستەییەکان لەلای ئەکتەری شانۆیی، بەبێ بەشداریکردنێکی زیندووی وزەی دەنگیی ئەکتەر کاریگەر نابن. چونکە دەنگی ئەکتەر داینەمۆی بەرهەمهێنانی مانایە لە دیالۆگە شانۆییەکان.(جگەلەوەش ئەکتەر لە رێگەی دەنگی خۆیەوە ئەتوانێت بەبێ جیاوازیی، هێزی دەنگیی خۆی بە باشیی بگەیەنێتە سەرجەم ئەو بینەرانەی تەماشای نمایشەکەی ئەکەن، بەتایبەتی لە هۆڵی نمایشی فراوان دا)٩.

هەروەها لە بەرامبەر دیدگای ئەم راهێنەرە بیانیانەدا، بەشێک لە رەخنەگرە شانۆییەکانی کوردستانی عێراق لەو باوەڕەدان مێژووی شانۆی کوردی زۆر دێرین نییە، بەراورد بە مێژووی شانۆی بیانیی، یاخود جیهانیی. ئەمەش وا ئەکات هونەری شانۆ بەدیایکراوی لە تێڕوانینیی مێژوونوسێکی وەکو فەرهاد پیربال لەو باوەڕەدایە، شانۆ، لە هەرێمی کوردستان دا، سەرەتای سەدەی نۆزدە دەست پێ ئەکات.

ئەو لەو باوەڕەدایە بەرهەمە شانۆییەکان ساکاربوون، هیچ ئاماژەیەکی هونەری بەرزیان پێوە دیار نەبووە، هۆکارەکەشی ئەگەڕێنێتەوە بۆ چەند لایەنێک، چونکە لە رابردوودا هۆزان ڤانەکان بۆ خۆیان کاری نووسینی نمایشی شانۆییان گرتۆتە ئەستۆ، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا شانۆنامەنووس نەبوون، هاوکات هەرخۆشیان کاری ئامادەکردنی نمایشەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، هەروەها.(ئامانج لە شانۆ لەو سەردەمانە تەنها بۆ خۆشی بووە لە بۆنەی میلیی، کۆمەڵایەتیی، مێژوویییەکان. لەگەڵ ئەوەی کەتوانای هونەریی ئەکتەرەکان لە ئاستێکی سەرەتایی دا بوون، هیچ باکگراوەندێکی زانستییان دەربارەی شانۆ نەبووە. دووربوون لە هەموو مەشقی ئەکتەری پرۆفیشناڵی شانۆیی، ئەم هۆکارانە وایان کردوە لە رابردوودا ئەکتەری شانۆی کوردیی بە شێوەیەکی هۆشیارانە درک بە توانا فیزیکییەکانی خۆیان نەکەن)١٠.

٢)کاریگەریی جەستە و دەنگی ئەکتەر لە نمایشی شانۆی مۆدێرن دا:

لە شانۆی مۆدێرن کەرەستەکانی دەربڕینی ئەکتەر ئەبنە جێگەی بایەخی خودی ئەکتەرەکان لە شانۆدا، هاوکات دەرهێنەرە شانۆییەکانیش بۆ بەدیهێنانی، ساتیلی کارکردنی هونەریی جۆراوجۆر، سەرنجی زیاتر ئەخەنە سەر چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە جەستە، لەگەڵ دەنگی ئەکتەر وەک دوو ئامرازی تەکنیکیی لەپرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی دا. بەجۆرێک کە لەلای بەشێک لە دەرهێنەرە مۆدێرنەکانی وەک رۆبێرت وێلسن لەئەمەریکا، پیتەربرووک لە بەریتانیا، جێرزی

گرۆتۆڤسکی لە پۆڵەندا، جەستە لەگەڵ دەنگی ئەکتەر شوێنی سینۆگرافیا ئەگرێتەوە. هاوکات بەشێک لە شاکارە هونەرییە ئەفرێندراوەکان لە دەرهێنانی شانۆی جیهانیی، لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن بووە لە توانا جەستەییەکانی ئەکتەر، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە (نواندن لە شانۆدا زیاتر پشت بەتوانای جەستەیی ئەکتەر ئەبەستێت، بۆیە جەستەی ئەکتەر دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە لە سەر تەختی شانۆ، هاوکات لە ناو کۆمەڵگەش، کە ئەوانیش بریتیین لە یەکەم؛ جەستە وەک ئامرازێک بۆ پیشاندانی وێنەی میزاجی کاراکتەری ناو شانۆنامەکانی نێو نمایشی شانۆیی. دووەم؛ جەستە وەکو ئامرازێک بۆ پیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەکتەر لە ژیانی تایبەتی خۆیدا)١١.

هەروەک چۆن جەستە لە ژیانی رۆژانەدا بەپێی کات و شوێن ئەرکی جۆر بەجۆری هەیە، لە هونەری شانۆش، هێندە کاریگەرە، کە، بۆ چەندین مەبەست بەکارئەهێندرێت (جەستەی ئەکتەر لەسەر چۆنێتی تێگەیشتن لە لەلایەن دەرهێنەرانی بواری شانۆ ئەوەستێت، چونکە جەستە بەستەری کۆمیونیکەیشنی راستگۆیانەیە لەگەڵ بینەر، هاوکات لە توانایدایە هەستیەکانی ئەکتەر، لەگەڵ مانای دێڕ، سرووشتی دیمەن، کەشی گشتیی نمایش، تەنانەت فۆرمی هونەریی نمایش پیشانی بینەر بدات)١٢.

( لە رێگەی بەکارهێنانی توانای جەستەیی خۆی، ئەکتەر لە توانایدایە رەهەندە جیاوازەکانی کاراکتەری ناو دیمەنی دەقە شانۆییەکان بۆ بینەر وێنا بکات)١٣. لەگەڵ ئەمەشدا(ئەگەر درک بەتوانا شاراوەکانی جەستەی خۆی بکات، وەک هێزێکی مرۆیی داهێنەرانە لە جەستەی خۆی بڕوانێت ئەوا تەنها لە رێگەی جوڵە، ئاماژە، کردار، کاردانەوە جەستەییەکانی خۆی لەسەرتەختی شانۆ، لە توانایدا ئەبێت بە باشیی رەهەندی کۆمەڵایەتیی، سرووشتیی ، سایکۆلۆجیی ئەو کاراکتەرە بەرجەستە ئەکات، پیشانی بینەر بدات)١٤.

ئەگەر بە گرنگییەوە لە جەستەی ئەکتەر بڕوانرێت،لە رێگەی سوود وەرگرتن لە هێزی دەست، چاوەکان، ئەکتەر لە توانایدایە پەیوەندیی قوڵی کاریگەر لەگەڵ بینەر دروست بکات چونکە ( چاوەکان سەرچاوەی راستگۆیین، زۆر بەخێرایی هەستە قوڵەکانی ئەکتەر ئەگوازنەوە بۆ بینەر. زیاتر لە هەربەشێکی جەستە، راستگۆیی ئەکتەر لەکاتی نواندن، لە چاودا بە دی ئەکرێت، چونکە زیاتر لە هەربەشێکی جەستەی ئەکتەر هەستی بینەر ئەبزوێنێت)١٥.

لەپاڵ ئەمانەشدا، جەستە وزەیەکی فیزیکیی بەژدارە لەبنیادنانی میزانسێن، کۆمپۆزشن، هێڵی ئاسۆیی، هێڵی ستونیی لەسەر تەختی شانۆ. دەرهێنەرە شانۆییەکان بۆ خوڵقاندنی تابلۆی هونەریی، هاوکات بۆ دارشتنی ژینگەی رووداوەکان، هەمیشە پەنا بۆ بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر ئەبەن. جەستە کەرەستەیەکی بنیادنەرە (بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دەروونی بینەر، بە تایبەت ئەگەر دەرهێنەر تێگەیشتنێکی زانستییانەی بۆ شێوازی بەکارهێنانی دۆخە جیاوازەکانی جووڵەی ئەکتەر لەسەر تەختی شانۆ هەبێت)١٦.

زمانی جەستەی ئەکتەر بەرلەوەی بۆ دەرهێنەر ئامرازێک بێت لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، کەرەستەیەکی پڕ وزەیە بۆ خودی ئەکتەر. لە رێگەی جەستەوە هەمیشە وێنەیەک لە دۆخی فیزیکیی، سرووشتیی، سایکۆلۆجیی کاراکتەرەکەی پیشانی بینەر ئەدات. بۆیە، (جەستە شوێنی یەکەمی هەستەکانی ئەکتەرە، شوێنگەی کاردانەوەی کردارە لەلای ئەکتەر، کردارە جیاوازەکانی ئەکتەر، بۆ نموونە هەستان، دانیشتن، دەست جووڵان، رۆیشتن، تورەبوون، بێزاریی، هیلاکیی، خۆشەویستیی، هەموو ئەمانە لە رێگەی جەستەی ئەکتەر خۆیان دەرئەخەن. چونکە پرۆسەی نواندن زیاتر لە مێشک پەیوەندی بە دەنگ، لەگەڵ جەستەی ئەکتەر هەیە)١٧.

کەواتە (ئەکتەر بۆئەوەی بە باشیی نواندن ئەنجام بدات، زیاتر لە هەر رەگەزێکی هونەریی پشت بە، بەکارهێنانی وشە بۆ بەرهەمهێنانی ماناو دروستکردنی کاریگەریی قوڵ لەسەر هەستی بینەر ئەبەستێت)١٨.

لەبەرامبەر رۆشنایی ئەم تێڕوانینانەدا، کە دەربارەی جەستەی ئەکتەرن، هاوکات دەنگی ئەکتەر دووەم سەرەکیترین ئامرازی دەربڕینە، چونکە دەنگ پێکهاتەی میزانسێنی بیناوە شانۆییەکانە لەپرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی دا. تێورسێنی

بەناوبانگی شانۆیی ئیتالی یۆجینۆ باربا لەبارەی گرنگی دەنگی ئەکتەر لەوباوەڕەدا بوو، کە وزەیەکی هێندە کاریگەرە زۆرجار وەکو دەستێکی نەبینراو وایە بۆ ئەکتەر، تاوەکو بتوانێ لەمیانییەوە بە باشیی گوزارشت لە سیفاتەکانی ئەو کاراکتەرە بکات، کە رۆڵی تێدا ئەبینێت. دەنگ شوێنگەکەی لەناو جەستەدایە، بۆیە سەرەتا کاریگەریی لەسەر هەستی خودی ئەکتەر درووست ئەکات.

لە تێروانینی ئۆجینۆ باربا، دەنگی ئەکتەر بریتییە لە وزەیەکی زیندوو، لە توانایدایە بەشێوەیەکی خێرا پەیوەندیی لەگەڵ بینەردا درووست بکات. بینەر بەگشتی لە میانی دەنگی ئەکتەر لەمانای دیالۆگەکان تێ ئەگات(مانای بندێڕی دایەلۆگە شانۆییەکان لە رێگەی دەنگەوە ئەکەونە بەر گوێی بینەر. زۆرجار ئەکتەر بە سوود وەرگرتن لە دەنگی خۆی، لە توانایدایە مەبەستی دەستەواژە شانۆییەکان بگوازێتەوە بۆبینەر، وا ئەکات پرۆسەی تێگەیشتن لەلای بینەر چالاکتر بێت بە، بەراود بە بەکارهێنانی جەستە بۆ درووستکردنی هەمان کاریگەریی لەسەر بینەر)١٩.

بۆیە ئەکتەرەکان خاوەنی دوو جۆر دەنگن، دەنگی یەکەم بە دەنگی سروشتیی ناسراوە. تەنانەت هەموو کەسێک خاوەنیەتی، جۆری دووەمی دەنگی ئەکتەر پێی ئەوترێت دەنگی مەشقپێکراو، یاخود راهێندراو، مەبەست لەو جۆرە دەنگەیە ئەکتەر لەمیانی راهێنان، یان بە ئەزمونی کارکردنی بەردەوام پێی ئەگات ئەمجۆرە دەنگە ئامادەیە، توانای پیشاندانی دۆخە سایکۆلۆجییەکانی ئەکتەری لەسەر تەختەی شانۆ هەیە(دەنگی مەشقپێکراو هەمیشە پانتاییەکی فروانتر لە دەربڕین بۆ ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ ئەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی بە باشیی گوزارشت لە سیفاتە سروشتیی، کۆمەڵایەتیی، دەروونییەکانی کارەکتەرەکەی لەسەر تەختەی شانۆ بکات)٢٠
.

لەپاڵ ئەمانەشدا، هەمیشە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دەنگی ئەکتەر لەگەڵ تێگەیشتنی بینەر هەیە، (بە گشتیی تیگەیشتنی بینەر بۆ هەر نمایشێکی شانۆیی لەسەر بنەمای چۆنێتیی بەکارهێنانی توانا دەنگییەکانی ئەکتەر رائەوەستێت، چونکە بینەر بەهۆی دەنگی ئەکتەر لە دیالۆگ، زمانی شانۆنامە، دیمەن، بیناوە شانۆییەکان تێ ئەگات.چونکە لە رێگەی چینی دەنگییەوە، تۆنی دەنگی ئەکتەر باشتر، خێراتر ئەگەنە گوێی بینەر)٢١.

هاوکات دەرهێنەرە شانۆییەکان لە رێگەی کارکردن لەسەر پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، هەروەها لە رێگەی بەکارهێنانی ئەکتەر وەکو بەشێک لە کردەی دەرهێنانی شانۆیی، هەمیشە لە هەوڵی سوود وەرگرتن لە دەنگی ئەکتەر بۆ دوو مەبەستی سەرەکیی کە ئەوانیش بریتیین لە؛

یەکەم/ پیشاندانی وێنەیەک لە سیفاتەکانی کاراکتەرەکانی ناو شانۆنامەکان، لە رێگەی کارکردنی ئەکتەر لەسەر چۆنێتیی سوود وەرگرتنی لە وزەی دەنگیی، ریتم، تیمپۆ، بەرزیی، نزمیی چینیی دەنگیی خۆی.

دووەم/ بۆ پیشاندانی زیندوێتیی کەسایەتی ناو دیمەنە بیناوە شانۆییەکان، چونکە دەنگ وزەیەکی فیزیاییە، لە توانایدایە بە خێرایی دیالۆگ بگۆڕێت بۆ وێنەی بیندراو یاخود بەرجەستەکراو، هاوکات کاریگەریی قوڵ لەسەر لایەنی تێگەیشتنی بینەر درووست بکات.

(کەسایەتیی ناو شانۆنامەکان خاوەنی دیالۆگی تایبەت بە خۆیانن، دیالۆگەکانیش لە رێگەی ڕوونبێژیی ئەگوازرێنەوە بۆ بینەر، روونبێژیش سیفاتێکی تەکنیکیی ئەکتەرە کە لەسەر چۆنێتیی بەکارهێنانی وزەی دەنگ لەلای خودی ئەکتەر رائەوەستێت)٢٢.

دەنگ وەک رەگەزێکی تەکنیکیی لەلای ئەکتەر هۆکاری سەرەکییە بۆ (درووستکردنی جەخت، بێدەنگیی درامیی، وچان کە هەموو ئەمانە بەشێکن لە رەگەزی جەختکردن لە دەرهێنانی شانۆیی، پەیوەندی راستەوخۆیان بە رۆڵی وزەی دەنگی ئەکتەرەوە هەیە)٢٣.

دەنگی ئەکتەر توخمێکی سەرەکییە لە کردەی دەرهێنانی شانۆیی، زۆرجار. ( ئەو رەگەزەیە، کە توانایەکی خێرایی

هەیە بۆئەوەی وێنەیەکی ئاشکرای دیمەن، ڕووداو، کەشی تایبەتی دیمەنە شانۆییەکان بە بینەر بدات. کە ئەمانەش هەموو بەشێکن لە میزانسێنی کردەی دەرهێنان لە شانۆدا)٢٤. کەواتە دەنگی ئەکتەر ڕۆڵێکی بەشداریکەر لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی ئەبینێت، بەتایبەت ئەو نمایشانەی، کە لە فۆڕمی شانۆی فیزیکالییەن، چونکە (دەنگی ئەکتەر ئامرازێکی کارایە، لەچۆنێتی درووستکردنی جۆرەکانی جەختی تاک، دووانی، ڕاستەوخۆ، خەجتی گروپ لەسەرتەختەی شانۆ)٢٥.

## ٣) ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی

١-جەستە ڕەگەزێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئەکتەر لەمیانیەوە وێنای سیفاتەکانی ئەو کەسایەتییە بکات کە ڕۆڵی تێدا ئە بینێت.

٢-زۆرێک لە دەرهێنەرە جیهانییەکان لەوباوەڕەدان، جەستەی ئەکتەر لەهەموو فۆڕمێکی شانۆیی دا، کاریگەریی زۆری لەسەر پیشاندانی شێوازی نمایشە شانۆییەکان هەیە، بەتایبەتی لە فۆڕمی شانۆی دێل ئارتێ، شانۆی پانتۆمایم و شانۆی فیزیکالیی.

٣-جەستە پانتاییەکی فراوان لە کۆمپۆزشنی دیمەنە شانۆییەکان پێک ئەهێنێت، دەرهێنەری شانۆیی هەمیشە بە بایەخەوە لە جەستەی ئەکتەر ئەڕوانن، نەک تەنها بۆ بەجێهێنانی نواندنێکی سەرکەوتوو، بەڵکو وەکو ئامرازێکی یارمەتیدەریش بۆ پیشاندانی دیدی هونەریی دەرهێنەر لە نمایشی شانۆیی دا.

٤-دەنگی ئەکتەر وزەیەکی بەهێزە بۆ پیشاندانی دۆخە سایکۆلۆجیەکانی کاراکتەر، هاوکات یارمەتیی دەرهێنەر بۆ پیشاندانی کەشی دیمەن، ڕووداو، لەگەڵ چیرۆکە درامییەکانی ناو هەردەقێکی شانۆیی ئەدات.

٥-توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر پێکهاتەی سەرەکیین بۆ، بەجێهێنانی کردەی نواندن و کردەی دەرهێنان لەلای هەریەک لە کەسایەتیی ئەکتەرو دەرهێنەری شانۆ.

٦- لە شانۆی مۆدێرن کەسایەتیی دەرهێنەر سوود لە توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر بۆ درووستکردنی جەختی جۆراوجۆر، هێل، بارستایی، تابلۆی هونەریی، ساتی درامیی جێگیر یاخود جوڵاو، وەرئەگرێت لەپێناو سەرخستنیی پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی.

## بەشی سێیەم/ ڕێوشوێنەکانی توێژینەوە

١- کۆمەڵگەی توێژینەوە: پێکدێت لەو دەرهێنەرانەی شانۆ لە هەرێمی کوردستان، کە لە شێوازی کارکردنیان پشتیان بە زمانی جەستە، دەنگی ئەکتەر بۆ داڕشتنی دیدگای دەرهێنان لە نمایشەکانیاندا بەستووە.

٢- نموونەی توێژینەوە: هەر خودی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خۆیەتی، چونکە تایبەتمەندیی شێوازی کارکردن لەسەر ئەو بنەمایەی کە توانا فیزیکییەکانی جەستەی ئەکتەر هۆکارێک بن بۆ داڕشتنی دیدی دەرهێنان خۆی لەخۆیدا نموونەی توێژینەوەکەی جیاکردۆتەوە.

٣-ڕێبازی توێژینەوە:وەسفیی شیکاریی

٤-ئامرازی توێژینەوە: توێژەر پشتی بەم ئامڕازانە بەستووە

ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی، تێبینی و ئەزموونی تایبەتی و ڕاپرسیی

٥-شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوە:

لەو ڕاپرسیە کە کرا گرووپێک لە دەرهێنەرە شانۆکارەکانی کورد، لە باشوری کوردستان کراونەتە مەبەست هەتاوەکو چەند پرسیارێکیان دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە ئاڕاستە بکرێت. بۆیە لەم بەشەی توێژینەوەکە بەمەبەستی

گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، نموونەی پرسیارەکان، ئەنجامەکان پاشان دەرئەنجامەکانی راپرسیەکە لە شێوەی فیگەر ئەخرێنە روو.

سەرەتا فیگەری ژمارە(١)تایبەتە بە، دیاریکردنی جێندەری ئەو دەرهێنەرە بەشداربووانەی کە هەستاون بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی راپرسییەکە، هەروەک ئەبینرێت لە ٨٠٪ ئەو کەسە بەشداربووانە لە رەگەزی نێرن، لە ٢٠٪ لەرەگەزی مێ بوون، ئەوەش بەهۆکاری ئەوەی تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان، دەرهێنەرە شانۆییەکان لە رەگەزی نێرن، زیاتر ئەوان هەڵئەستن بەبەجێهێنانی کاری دەرهێنانی شانۆیی، بەهۆکاری ئەوەی، کە خانمان لەم هەرێمەدا زیاتر حەزیان لە هونەری نواندنە، نەک کاری دەرهێنان یاخود دەرهێنەریی شانۆیی.

## فیگەری ژمارە (١)

لەفیگەری ژمارە (٢)دەرئەکەوێت، زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی راپرسییەکەیان داوەتەوە، ئەو دەرهێنەرانە بوون کە تەمەنیان لە نێوان (٢٦-٤٠)ساڵی بووە. تەنها یەک بەشداربوو تەمەنی لە(١٨-٢٥) ساڵی بووە.

## فیگەری ژمارە (٢)

لەفیگەری ژمارە(٣)وەکو دەرئەکەوێت(١٠)دەرهێنەری بەشداربوو لەو باوەڕەدان، دەرهێنەرە شانۆییەکان لە شانۆی مۆدێرن زیاتر پشت بە، بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر ئەبەستن بۆ داڕشتنی کۆمپۆزشن، لەگەڵ پانتایی شانۆ وەکو بەشێک لە کردەی پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، هاوکات تەنها چوار بەشداربوو لەو باوەڕەدان، لە شانۆی مۆدێرندا دەرهێنەرە شانۆییەکان پشت بە دەنگی ئەکتەر بۆ داڕشتی کۆمۆزشنی پانتای شانۆ ئەبەستن. گروپی یەکەم کە ژمارەیان(١٠)بەشداربووە، لە دیدگای ئەوان دا، کەسایەتیی دەرهێنەر کەمتر پشت بە بەکارهێنانی رەگەزە تەکنیکییەکانی وەکو دیکۆر، رووناکیی، میوزیک ئەبەستن، بەڵکو زیاتر کار لەسەر پلاستیکای جەستەی ئەکتەر بۆ داڕشتنی بونیادی دیمەنە شانۆییەکان لەسەر تەختەی شانۆ ئەکەن. چونکە لە شانۆی مۆدێردن دا، چۆنێتیی ئامادەکردنی شانۆنامە لەسەر تەختی شانۆ بە شێوازێکە، کە دەرهێنەر، ئەکتەر دوو سەرەکیترین رەگەزی درووستکردنی نمایشی شانۆیین تیایدا.

## فیگەری ژمارە (٣)

لە فیگەری ژمارە(٤)دا، کە تایبەتە بە پیشاندانی دیدگای بەشداربووەکان دەربارەی گرنگی هەریەک لە زمانی جەستە، لەگەڵ دەنگی ئەکتەر لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی. لەم بەشە وەک دەرئەکەوێت لە ٧٠٪دەرهێنەرە بەشداربووەکان لەو باوباوەڕەدان، زمانی جەستە، لەگەڵ دەنگی ئەکتەر دوو رەگەزی بەهێزن لەلای دەرهێنەر لە کردەی دەرهێنانی شانۆیی دا، چونکە بۆچوونی تایبەتیان هەیە لەمبارەیەوە، (١٥) لەدەرهێنەرە بەشداربووەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەی راپرسیەکەدا لەوباوەڕەدان، لە شانۆی کلاسیکی لەبەر ئەوەی بینەر لەمەودای دوور لە نمایش دائەنیشتن بەهۆی فراوانی شوێنی بینەران لە نمایشەکان، هەمیشە ئەکتەرەکان ناچار ئەبوون زیاتر پشت بەدەنگیان ببەستن بۆ بەجێهێنانی نواندن، هاوکات بۆ گواستنەوەی دیالۆگ، رووداوەکان، چیرۆکەکانی ناو نمایشەکە بە بینەر. هاوکات لە هەمان گروپی بەشداربووەکانی ئەم راپرسیە لەو باوەڕەدان لە شانۆی مۆدێرن، لەپاڵ دەنگی ئەکتەر، جەستەی ئەکتەر بەخێرایی پەیوندیی لەگەڵ بینەر درووست ئەکات، چونکە زۆرجار پانتایی شوێنی نمایش لە بینەرانەوە نزیکە، واتە بینەر بە ئاسانی ئەتوانێت هەموو جوڵەکانی جەستەی ئەکتەر لەکاتی رۆڵ بینین لەسەر تەختەی شانۆ ببینێت، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی فۆرمە شانۆییە مۆدێرنەکانی وەکو شانۆی دیڵ ئارتی، شانۆی

پانتۆمایم، شانۆی مایم، شانۆی سێبەر، شانۆی کۆمیدیی، دەرهێنەرە شانۆییەکان زیاتر پشت بە، بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر ئەبەستن بۆ پڕکردنەوەی پانتایی شانۆ، هاوکات بۆ پیشاندانی سروشتی کاراکتەکان، لەگەڵ کەشی نمایشەکە بە بینەر.

## فیگەری ژمارە(٤)

لە فیگەری ژمارە(٥)دا،لە ٨٠٪ دەرهێنەرە بەشداربووەکان لەوەباوەڕەدان، توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر زۆر یارمەتی ئەکتەر ئەدەن لە چۆنێتی بەجێهێنانی نواندنێکی سەرکەوتوو، تەنانەت ئەم توانا فیزیکییانە رەنگدانەوەی خۆیان لەسەر شێوازی بونیادنان هەیە، یاخود داڕشتنی دیمەنە شانۆییەکان هەیە، کە بەشێکن لەپرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی. تەنها یەک دەرهێنەری بەشداربوو لەوباوەڕەدابووە، توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر پێویست نین، بەبێ ئەوەی روونکردنەوە لەسەر بۆچونەکەی بدات. هاوکات یەک بەشداربووی تر، دڵنیانییە لەوەی کە ئایا توانا فیزیکییەکان، گرنگن بۆ ئەکتەرو دەرهێنەری شانۆیی یاخود نا.

## فیگەری ژمارە (٥)

لە کۆتا فیگەردا فیگەری ژمارە(٦)، پرسیارەکە تایبەتە بەوەی کە ئایا تاچەند لەلای دەرهێنەری شانۆیی کورد لە هەرێمی کوردستان، زمانی جەستە، دەنگی ئەکتەر، بە دوو رەگەزی سەرەکی دائەنرێن لە دروستکردنی نمایشی شانۆیی لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆییدا؟

بە گشتی دەرهێنەرە بەشداربووەکان لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، دیدگایان تاڕادەیەک نزیکە لە یەکتر، چونکە لەوباوەڕەدان دەنگ هەروەها زمانی جەستەی ئەکتەر دوو رەگەزن، ئەبنە هۆکای دەرکەوتنی توانای هونەریی بۆ ئەکتەر لەگەڵ دەرهێنەر، بۆیە پێویستە ئەکتەر بە گرنگییەوە تەماشای توانا فیزیکییەکان بکات، هاوکات دەرهێنەریش بەگرنگییەوە تەماشای ئەم توانایانەی ئەکتەر بکات، لەبەرئەوەی دوو کەرەستەی هونەریی دەوڵەمەندن بۆ دروستکردنی ستراکچەری دیمەنە شانۆییەکانی ناو شانۆنامە لۆکاڵیی لەگەڵ جیهانییەکان.

بەڵام تەنها دوو لە دەرهێنەرە بەشداربووەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێیان وانییە، یاخود دڵنیانین لەوەی دەرهێنەری شانۆی کوردیی توانیبێتییان سوود لە توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر وەربگرن بۆئەوەی، ببنە هۆکاری بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەپرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەم دیدگایانەی خۆیان بدەن لە وەڵامی ئەم پرسیارەی راپرسیەکەدا.

## فیگەری ژمارە (٦)

دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی شیکاری نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشت :

یەکەم/ سەبارەت بە ئامانجی یەکەم :

زۆرینەی دەرهێنەرانی گەنج لەگەڵ ئەوەدان زیاتر پشت بە بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر ببەسترێت بۆ داڕشتنی کۆمپۆزشن، لەگەڵ پانتایی شانۆ وەکو بەشێک لە کردەی پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی، هەروەها بە پێویستیشی ئەزانن پشت بە دەنگی ئەکتەر ببەسترێت بۆ هەمان مەبەست.

دەرهێنەرانی تەمەنەکانی ناوەڕاست و کۆتایی قۆناغی گەنجی دنیابینییان بۆ کاریگەریی زمانی جەستە لە نواندندا ئەرێنییە.

دووەم/ سەبارەت بە ئامانجی دووەم :

زۆرینەی دەرهێنەرانی گەنج بەپێوستی ئەزانن کە کەمتر پشت بە توخمە تەکنیکییەکانی دیکۆر، رووناکیی، میوزیک ببەسترێت، بەڵکو زیاتر کار لەسەر پلاستیکای جەستەی ئەکتەر بۆ دارشتنی بونیادی دیمەنە شانۆییەکان لەسەر تەختەی شانۆ بکرێت.

توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر رەنگدانەویان لەسەر شێوازی بونیادنان و دارشتنی دیمەنی شانۆیی هەیە، بەمەش کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر دیدی دەرهێنەر ئەبێت.

توانای دەنگ و زمانی جەستەی ئەکتەر تەنها نابن بە هۆکاری دەرخستنی توانا ئەدائییەکانی ئەکتەرەکە خۆی و بەس، بەڵکو دەرخستنی توانای هونەریی دەرهێنەریش لە دارشتنی دیدی دەرهێنەرانەیشیدا.

سێیەم/ سەبارەت بە ئامانجی سێیەم :

تا ئەکتەر لە چاوی بینەرەوە دوورتر بێت جەخت لەسەر توانای دەنگیی لە نواندندا زیاتر ئەبێت، بۆیە پێویستە بەکارهێنانی دەنگ کارامانەتر بێت.

تا ئەکتەر لەچاوی بینەرەوە نزیکتر بێت جەخت لەسەر توانای جەستەی لەنواندندا زیاتر ئەبێت، بۆیە پێویستە لەبەکارهێنانیدا کارامەتر بێت.

شانۆکارانی کورد لەرەگەزی مێ زیاتر لەبواری هونەرەکانی نواندندا کارئەکەن وەک لە هونەری دەرهێنانی شانۆیی، ئەمەش رەنگدانەوەی دەرونیانەی خولیای ئەوانە بۆ ئازادیی دەربڕین لە دەنگ و جەستەدا، بۆیە کەمتر بە دەرهێنانەوە سەرقاڵ ئەبن.

## راسپاردەکان

یەکەم/ بۆ دەزگا ئەکادیمیەکانی پەیوەندیدار بە شانۆ:

پێداچونەوەی وردی زانستیانەی سەردەمیانە بۆ میتۆدو راهێنانەکانی زمانی جەستەو دەنگی ئەکتەردا بکرێتەوە، واتە نوێبکرێنەوە.

کار بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموونی راهێنانەکانی دەنگ و جەستەی ئەکتەر لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ، دەزگای تایبەتمەند و پەیوەندیدار بەتایبەت بەبواری زمانی جەستە بکرێت

خولی راهێنانی پێشکەوتوو پیشەمەندانە بۆ مامۆستا، ئەکتەر، راهێنەرانی جەستەو دەنگ بکرێتەوە. بە لایەنی کەمەوە هەر دوو ساڵ جارێک تەکنیکەکانیان نوێ بکەنەوە

دووەم/ بۆ ئەکتەرو دەرهێنەرانی شانۆ:

سوود لەتەکنەلۆژیای هاوچەرخ ببینن بۆ بەشدارییکردنی کارا لە خول یان وۆرکشۆپی پیشەمەندانەی جیهانی لە دەنگ و زمانی جەستەدا.

کارکردن بۆ سیستماتیزەکردنی راهێنانەکانی دەنگ و جەستە.

ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، ئەزموون، کارامەیی نوێ لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ سوودبینین لە زۆرترین شێوازی دەربڕین لە یەک واتا بە دەنگ و جەستە.

پێشنیازەکان

بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبواری تیۆریی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر چەند ناونیشانێکی توێژینەوە پێشنیاز ئەکات:

١ – توانا فیزیکییەکانی ئەکتەر لە کردەی دەرهێنانی شانۆییدا

٢ – کارایی دەنگی ئەکتەری شانۆیی کورد لە ناساندنی توانا جەستەییەکانی دەربڕیندا

٣ – شوناسی ئەکتەری شانۆیی کورد لە ئاماژەکانی دەنگ و جەستەیەوە

# وجهات نظر المخرجين المسرحيين حول استخدام لغة الجسد وصوت الممثل في المسرح الكردي الحديث


## الملخص

يبحث هذا البحث في أهمية القدرات البدنية للممثلين المسرحيين (الصوت ولغة الجسد) من وجهة نظر المخرجين الكرد في إقليم كوردستان، ويرتكز على سؤالين تعكس إجاباتهما القدرات البدنية والمهارات لدى الممثلين المسرحيين المحليين وفقاً لاحتياجاتهم. الأوقات، وتعكس آراء المخرج فيها وتأثيرها على آراء المخرج. تتكون الدراسة من ثلاثة أجزاء؛ يتناول الجزء الأول الإطار المنهجي للبحث، والجزء الثاني يتناول الإطار النظري، أما الجزء الثالث والأخير فيتضمن إجراءات البحث. اعتمد الباحث على منهج البحث (التحليل الوصفي) في تحليل عينة البحث، ولجأ إلى المسح المباشر لوجهاء عينة البحث، ثم تم تحليل نتائج البحث واستخلاص استنتاجات البحث. وفي ضوء هذه النتائج يعرض الباحث أهم توصياته ومقترحاته ثم يكشف في نهاية الباب عن المصادر العلمية لبحثه في قائمة.



الكلمات المفتاحية: الإخراج المسرحي، لغة الجسد، صوت الممثل.


**Theater Directors› Views on the Use of Body Language and Voice of Actors in Modern Kurdish Theatre**


Goran Mohammed Faqe Qadir-

Assist. Lec-Kindergarten Department-University of Halabja



Abstract

This research examines the importance of theater actors' physical abilities (voice and body language) from the perspective of Kurdish directors in the Kurdistan Region It is based on two questions whose answers reflect the physical abilities and skills of local theatrical actors according to the needs of the times, and reflect the director's views on them and their influence on the director's views. The study consists of three parts; The first part deals with the methodological framework of the research, the second part with the theoretical framework and the third and final part contains the research procedures. The researcher relied on the research method (descriptive analysis) to analyze the research sample, resorted to direct survey of the directors of the research sample, then the results of the research were analyzed and the research conclusions were drawn. In light of these findings, the researcher presents his most important recommendations and suggestions and then at the end of the section reveals the scientific sources of his research in a list.



**Keywords: theatre directing, body language, actor's voice.**

# سەرچاوەکان :

1-Allan&Barbara,(2004).Body language.Austuralia Pease international.p28.

2-Leil,(2003).How to talk to anyone. Unites state of America.p103,104.

3-Evans, M (2009). Movement Training for the Modern Actor. New York: Routledge 270 Madison Ave. p13.

4-Evans, M (2009). Movement Training for the Modern Actor. New York: Routledge 270 Madison Ave.p30.

5-Alburger, J (2002). The art of voice acting: the craft and business of performing for voice-over. 2nd ed. United States of America: Elsevire Science 200-wheeler Road.p1.

6-Marshall, L (2001). The body speaks. 2nd ed. London: Methuen Drama A&C Black publishers Ltd 36 Soho Square.p70.

7-Wallot,S and others (2011) Grounding language performance in anticipatory dynamics of the body, Ecological Bphychology,2,3:157184-.p90.

8-Martin, S (1996). The teaching voices. London: Whirr Publishers Ltd 19B Compton Terrace.p51.

9-Rodenburg, P (1992). The right to speak: working with the voice. London: Methuen Drama A&C Black publishers Ltd 36 Soho Square.p65.

10-Peral (2007). The origins of Kurdish drama in Kurdistan. Kurdish GL.(Article) 2 (2), p13-.

11-Shepherd,S(2006).Theatre,Body,Pleasure.Canada:Routledge270.MadisonAveNew York, NY 10016.p90.

12-Same source. The Body Speaks, p71.

13-Celery, D (2001). Through the Body. London: Nick Hern Books.p10.

14-Same source. Movement Training for the Modern Actor.p31.

15-Same source. Through the body. p12.

16-Same source. Theatre, Body, Pleasure.p91.

17-Same source. The body speaks. p74.

18-Same source. Movement Training for the Modern Actor. p32.

19-Same source. The art of voice acting. p2.

20-Shewell,C(2009).Voice work: art and science in changing voices. England: Wiley-Blackwell.p78.

21-Same source. The teaching voices. p52.

22-Same source. The teaching voices. p22.

23-Same source. Voice work: art and science in changing voices. p79.

24-Rodenburg, P (1992). The right to speak: working with the voice. London: Methuen Drama A&C Black publishers Ltd 36 Soho Square.p65.

25-Same source. The right to sepak. p70.